# لە نێوانی شەپۆلەکاندا

ئازاد مەولوود
(دانیمارک)

(لە نێوانی شەپۆلەکاندا) چیرۆکی کورتە فیلمێکی سینەمایی ساڵی ٢٠٢٤ـە، لە نووسین و دەرهێنانی (سیلینا ڤێیگە)، کە کچە دەرهێنەرێکی سینەماییە لە دانیمارک و بە ڕەگەز خەڵکی وڵاتی پورتوگالە.

چیرۆکەکە باسی پەیوەندییەکانی نێوان باوک و کچێک دەکات بە نێوی (لەیلا). (لەیلا) کچێکی تەمەن سی ساڵانە و ژیانی خۆی بۆ خزمەتی باوکە نەخۆشەکەی تەرخان کردووە کە لەسەر عارەبانەیەکی دووچەرخەیە و لە ڕێگای کونێکەوە لە سنگی ئۆکسجین بۆ سییەکانی دەچێت و هەناسە دەدات.

ڕۆژێک لە ڕۆژان و لە پیاسەیەکی کورتی ئەم دوو کارەکتەرە بۆ کەنار دەریا، (لەیلا) سەرنج دەداتە ژیان و پەیوەندییەکانی خەڵکانی کەنار دەریاکە کە بۆ ڕابواردن و کات بەسەر بردن لەوێن. لە میانی سەرنجەکانیدا بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە کە بە تەواوی بۆ خزمەتکردنی باوکی تەرخان کراوە و لە هەموو لایەنەکانی تری ژیان بێبەش بووە. لە هەڵسوکەوتی خەڵکانی تر ورد دەبێتەوە و زێتر هەست بە تەنیایی خۆی دەکات.

لە میانی گەشتی ئەو ڕۆژەدا (لەیلا) هەوڵ دەدات کەم و زۆر پەیوەندییەکی کورت و ڕاگوزەر لەگەڵ چەند کەسانێک ببەستێ کە لەو شوێنەدا بە ڕێکەوت دەیانبینێ. سەرنەکەوتنی (لەیلا) لە بەستنی پەیوەندی و تێکەڵبوونی بە خەڵک وای لێ دەکات زێتر بە ناخی خۆیدا شۆڕببێتەوە و قووڵتر بیر لە تەنیاییەکەی خۆی بکاتەوە و بە حەسرەتەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتانە بێتەوە کە ئەم لە ژیانی خۆیدا لێیان بێبەشە.

لەتبوونی ناخی لەیلا بۆ دوو بەش کێشەی سەرەکی چیرۆکەکەیە کە بۆ یەکلا کردنەوەی پێویستی بە بڕیارێکی ڕادیکاڵ هەیە. لەتی یەکەم ئارەزووەکانی ئەم کارەکتەرەیە بۆ ژیان وەکوو هەر کەسێکی تر و پەیوەندی بەستنە لەگەڵ خەڵک. لەتی دووەمیش بەرپرسیاریەتی ئاگاداریکردنی باوکیەتی کە بە تەواوی لە دەوروبەری خۆی دایدەبڕێ. هەڵچوونی درامی ئەم کێشەیە لە دوا ساتەکانی ئەو ڕۆژەدا دەگاتە ترۆپکی کە دەبێتە دوا ساتەکانی فیلمەکە.

لە ساتی خۆرئاوابووندا باوکەکە دوای سەرخەوێکی

کورت بە ئاگا دێت و بە پەشێوی هەوڵ دەدات هەناسە هەڵمژێ و درک دەکات کەوا سەری سۆندە باریکەکەی هەواهەڵمژین لە مەکینەکە داکەلاوە. لەگەڵ چۆڵبوونی کەنار دەریا لەم ساتەوەختەدا و کز بوون و دابەزینی هەناسەی، پێدەچێ کاتی کۆتایی نزیک بووبێتەوە.

لەم کاتەدا (لەیلا) لە تەکییەوە پاڵی داوەتەوە و مۆسیقایەکی بەرزی خستووەتە سەر گوێیەکانی و ئاگادار نییە، یان گوێ نادات ئەو دۆخەی باوکی بە ناچاری تێی کەوتووە.

ئایا (لەیلا) لەو ساتەوەختەدا بێ ئاگایە؟

تا چ ڕادەیەک مرۆڤ دەیەوێت، یان بۆی هەیە لە تەنیایی ڕابکات؟

**پەرەسەندنی ڕۆڵی سەرەکی:**

پەرەسەندنی کەسایەتی (لەیلا) لەو گۆڕانەدا خۆی دەنوێنێ کە بەسەریدا دێت، لە کچێکەوە کە ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی و ناخی خۆی بەخشیوەتە باوکە ناساغەکەی، بۆ کچێک کە درک دەکات پێویستیەتی لە خەمی خۆیدا بێ، ئیتر ڕووبەڕووی تەنیاییەکەی خۆی دەبێتەوە و هەوڵ دەدات پێوەندی مرۆڤانەی هەبێت، ئەمە وای لێ دەکات پێداچوونەوەیەک بە بەرپرسیارییەکانی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بە ڕیزبەندی ئەو شتانەوە بکات کە بۆی گرنگن.

**ناوونیشانی فیلمەکە:**

(لە نێوانی شەپۆلەکاندا) هێمایە بۆ باری هەست و سۆز و لایەنی دەروونی (لەیلا) کە دەیەوێت لە کێشەی نێوان ئەرکی سەرشانی لە خزمەتکردنی باوکی لە لایەک و خەمی بە ئەنجام گەیاندن و تەواوکردنی کەسێتی خۆی، لە لایەکی ترەوە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە.

ناوونیشانەکە ڕەنگدانەوەی هەوڵ و تێکۆشانیەتی لە ناو شەپۆلەکانی دەریایەک، ئەو شەپۆلانەی لە نێوان ئەرکی خێزانی و پەرۆشییە تایبەتەکاندا دەیهێنن و دەیبەن.

ئەم ناوونیشانە هەستی بارگرانییەک بەرجەستە دەکات کە بەردەوام پێویستی بە هاوکێشەپارێزی هەیە تا بتوانێت بەرپرسیاریەتی دەرەوە و خواستی ناوەوە لە یەک ئاستدا ڕاگرێت. هەندێ جاریش شوێنێک بۆ هێمنی لە نێوان هاتوچوونی شەپۆلەکاندا هەیە، لەو ساتانەی ئاوەکە مەنگە، ئەم شوێنەیە کە (لەیلا) بۆی بە پەرۆشە تا ماوەیەک لەو جەنگەی ناخیدا بحەسێتەوە.

**بابەت و ژانرە فیلمەکە:**

بابەت: (لە نێوانی شەپۆلەکاندا) باسی بارگرانی ئەرکی خێزانی و تەنیایی و جەنگی نێوان حەز و ئاواتی تاکەکەسی و بەرپرسیاریەتی دەکات لە کێشەی نێوان قوربانی بەخۆدان و پێویستی مرۆیی بۆ پێوەندی گرتن.

ژانر: درامایەکی دەروونییە کە ئالنگاری دەنوێنێ و پرسیار دەخاتە سەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە کولتووری باشووری ئەورووپا، ئەو دابونەریتانەی ڕەگیان لە کولتوورە پورتوگالییەکەی دەرهێنەر خۆی داکوتاوە کە بەردەوام پێداگری لەسەر گرنگی خێزان دەکات کە زۆربەی کات هەستی بەرپرسیاریەتی بەرانبەر دایک و باوک بە سەریدا زاڵە و بووەتە بەشێک لە کولتوور.

(لە نێوانی شەپۆلەکاندا) چیرۆکێکە دابونەریتی بەستراو بە کولتوور تا ئەوپەڕ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە:

چی دەبێ ئەگەر ئاگالێبوونی دایک و باوکانی بە تەمەن وا بخوازێت تۆ بگەیتە ڕادەیەک خۆت لە سەر دانێیت و تینووی پێوەندییە مرۆییەکانت بکات و ڕووبەڕووی تەنیاییەکی بەرگەنەگرتووت

بکاتەوە؟
خراپترین شت چییە مرۆڤ لە بارێکی دەروونی وادا بیکات؟
بارودۆخێکی وا مرۆڤ تا چ ڕادەیەک و بەرەو کوێی دەبات؟

**پەیام و ئامانج:**

**پەیام:** (لە نێوانی شەپۆلەکاندا) ئالنگارییەکە لە ڕووی کولتووری باشووری ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمەڕ ئاگاداری دایک و باوکانی بە تەمەن کە زۆر بە قووڵی ڕەگی داکوتاوە.

پرسیار دەخاتە سەر ئەوەی سنووری جێبەجێکردنی ئەو جۆرە ئەرکانە تا کوێ دەڕوات و چی ڕوودەدات کاتێک ئەم جۆرە بەرپرسیاریەتییە دەبێتە هۆی خۆ فەوتاندن و تووشی تەنیایی بوونی چەندان کەس.

**ئامانج:** ئامانج ئەوەیە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو بارگرانییەی دابونەریتی کولتووری دەیخاتە سەر هەست و دەروونەوە. لە هەمان کاتدا هانی بینەران دەدات بیر لە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەرکی خێزانی و کامەرانی کەسێتیدا بکەنەوە.

**ڕوونکردنەوە:**

وێنەگرتنی ئەم کورتە فیلمە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٤ جێبەجێ کرا و لە سەرەتای مانگی دوازدە نمایش کرا. مایەی شادمانیم بوو لەگەڵ (سیلینا) لەم فیلمەدا کارم کرد و ڕۆڵی (باوک)ـە نەخۆشەکەم گێڕا. لەگەڵ سیناریۆی فیلمەکە نووسەر و دەرهێنەر کورتە باسێکی ناوەڕۆکی فیلمەکەی بە زمانی ئینگلیزی بۆ ناردم کە من لەم نووسینەدا سوودم لێ وەرگرتووە. ئەم کێشەیەی فیلمەکە دەستی بۆ دەبا، پرسێکی گرنگ و بەربڵاوە لە چەندان وڵات و کولتووری جیاوازدا. لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆشماندا و لە ژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆمان ئەم دیاردەیە لە نێو زۆر لە خێزانەکاندا وردە وردە دەبێتە پرسێکی ڕۆژانە و بوونی هەیە.